# هەڵڕشتنی داخی گەندەڵی لە کن بەعسییەکان!

**نورەدین وەیسی**

چەند ساڵێکەو بەتایبەتیش لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لەشکرێکی نووسەری کورد پەیدابوون کەبەزمانی عارەبی دەنووسن ، هەندێکیان باشە جاروبار وەرامی عەرەبە شۆڤێنیستەکان دەدەنەوەو بەلێکدانەوەی خۆیان ڕەوایی پرسی کوردیان تێدەگەیەنن ، هەرچەندەی من هیچ ئومێدێکم بەدۆستایەتیەکی یەکسانی عەرەب وتورك وفارس لەگەڵ کورددا نییەو هەڵکەوتنی کەسێکی ویژدان زیندووی وەك پرۆفیسۆر سمایل بێشکچی-یش بە شتێکی بێ هاوتا دەزانم.

ئەز بەشی زۆری نووسینی ئەوکوردانەی بەعەرەبی دەنووسن بەتایبەتیش ئەوبابەتانەی دوورونزیك پەیوەندییان بەدۆزی کوردەوە نییە بەشتێکی بێ کەڵك دەزانم و دواجار دەچێتە خانەی خزمەت کردن بە رۆشنبیریی عەرەبی ، بەتایبەتیش ئەوکوردانەی بە عەرەبی گۆرانی بەسەر بەژن وباڵای عیراقدا هەڵدەڵێن من وەك پێنووسێکی خزمەتکاری داگیرکەر دەیانبینم.

دیاردەیەکی زۆر لەوە سەیروسەمەرەتریش ئەوەیە هەندێك نووسەری کورد بەعەرەبی لەسەردەسەڵاتی گەندەڵی کوردستان دەنووسن کە دوانووسین لەمبارەیەوە بەسەرسوڕمانەوە خوێندبێتمەوە هی هاوڕێی بەڕێزم رێبین رەسول ئیسماعیل- ە کەئەمە یەکەمجارە نووسینی بە عەرەبی بخوێنمەوە، ئەوەی زیاتر منیشی تووشی شۆك کرد بڵاوکردنەوەی وتارەکە بوو لە سایتێکی بەعسیانەی پڕلەرق وقین بەرامبەر بە کورد بەنێوی کتابات!

کەس ناتوانێت پاساو بۆ گەندەڵی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بێنێتەوە هەرچەندە زۆر کەسیش بەپێی بەرژەوەندی خۆیان باسی گەندەڵی دەکەن ، بەڵام پرسیار ئەوەیە مەبەست لەبڵاوکردنەوەی نووسین چییە لەسەر بێکارەبایی وگەندەڵی دەسەڵاتی کوردستان لەسایتێکی عارەبی وبەتایبەتیش شوێنێك کەتەنانەت زۆربەی نووسەرە عیراقییەکانیش بۆیکاتیان کردووەو شتی تێدا بڵاوناکەنەوە چونکە پڕاوپڕە لەبەعسی وهەر ئەو رۆژەی رێبین وتارەکەی تێدا بڵاوکردەوە چەندین وتاریش لەتەنیشت وتارەکەی ئەو لەسەر دلێری ولێهاتووی وشەهیدبوونی سەدام حوسێن بڵاوکراونەتەوە ؟! ئەگەر وتارەکە بۆ دڵخۆشکردنی بەعسییەکان وعارەبە رەگەزپەرستەکان نییە بۆچی بەکوردی نەنووسراوە؟ ئایا بەرپرسانی کوردستان نووسینی کوردی دەخوێننەوە هەتا چاو لەبڵاوکراوە عەرەبییەکان بکەن؟

دەزانم بێکارەبایی زۆر ناخۆشە بەتایبەتیش لەشەوی سەری ساڵدا ، بەڵام لەوەش ناخۆشتر هەڵرشتنی ئاخ وداخی بێکارەبایی وخزمەتگوزارییەکانە لەلای کەسانێك کەئەگەر دەستیان بڕوا دەیان ئەنفال وهەڵەبجەی دیکەمان بەسەردا دێننەوە.

http://www.kitabat.com/i23779.htm